# نۆتشه شاری دوایینەکان

نووسه ر:  موختاری شوکری پوور
وه رگێڕ : ڕێناس جاف

خۆر له ئاسۆی که ژه گه رده نکه شه کانی هه ورامانه وه ، وه ده ر ده که وێ و شارێک که له ژێر ڕه هێڵه ی تۆپ و قومپاره وبۆمب دا نه مرد و هێشتا هه ر ژیان له وێنده رێ ڕه نگی هه یه و ده نگی دێ ، وه دیار ده که وێ (خۆ ده رده خات).
شارێک به ماڵ و خانووبه ره ی پلیکانه ئاساوه ، ئه و پلیکانه و په یژانه ی هه تا لوتکه و دوندی چیا و ئاسمانی ئه هوورایی هه ورامان هه ڵده کشێن . ئه و باژێڕ و شاره ی ، گه لێ شه ڕی پارتیزانی ونێوخۆیی  ئه و ساڵانه ی کوردستانی به خۆوه دی و  ئاسمانه که ی ڕۆژی خوا نه بوو گولله ی به سه ردا دانه بارێ .

به درێژایی 8 ساڵان شه ڕه که ی نێوان ئێران – ئێراق ، ئاسمانی ئه و ناوه ڕۆژ نه بوو شه ق نه بات و گولله تۆپ و قومپاره و مووشه ک وبۆمب ، به سه ریدا  دانه بارێ. هه تا ده هات ئاسمانه شینه که ی ئه وێنده رێ  ئێش و ژان زێتر ده وره ی ده دا که چی له ژێر نسێی ئه و ئاسمانه خه مین و دڵ ئێشاو و زاماره دا ،که ترسی شه ڕ و خۆفی مه رگی لێ بار بوو ، ژیان خۆڕاگرانه ڕاوه ستا و نه به زی ؛ئه رچی هه موو ڕۆژێک کۆڵه خه مێ ، له به رزایی که ژانه وه به سه ریدا دائه بارێ .
دڵنیام  جگه له وانه ی ڕێیان که وتۆته ئه و ناوه ، که سی دی هه ر نازانێ ئه م شاره ، له کوێیه ، چونکه  قه ت که س باسی لێوه نه کردووه و ئه وشاره که مته رخه می و گوێ پێنه دانی  به رپرسان و  کاربه ده ستانی ، پڕ  به خۆوه دیوه .
ئه م شاره ی باسی لێوه ده که م  شارێکه که وتۆته سه ر سنووری ئێراق و  " نۆتشه " ی ناوه  و سه ر به شارسانی پاوه یه .
شارێکه به نژیارڤانی و مێعماری تایبه ت به خۆ  که زۆربه ی یانه و خانووبه ره کانی به به رد و گڵ چێکراون، که چی به م ڕۆژانه گه لێ خانووشت به رچاو ده که وێ که به خشت و چیمه نتۆ دروس کراون .

" نۆتشه " خاوه نی خه ڵکێکی زه حمه تکێش و ڕه نجده ر وخۆڕاگره ، به ڵام له جینسی بلوور .
ئه و خه ڵکه ی ساڵانی پڕ گران و ئاڵۆزی شه ڕی نێو خۆیی کوردستانی ، به کۆڵێ گوێ پێنه دانه وه هه ر چلۆنێ بوو ، وه پشت سه ر نا و به درێژایی 8 ساڵان شه ڕه که ی ئێراق – ئێران،له ژێر گولله تۆپ و قومپاره و مووشه ک و بۆمب دا ، هه ڵیکرد و ساچاندی و ژیا . به ڵام حه نه ر یان وا باشتره بڵێم خه تا وهه ڵه که یان ئه مه بوو له نێو ئاور و دووکه ڵ و خوێن و ترسی مه رگ دا، له هه مبه ر دڵه ڕاوکێ و ترسه کانی شه ڕ و ماڵوێرانی دا وه ستان و کۆڵیان نه دا .
هونه ره که یان هه ر ئه وه نده بوو وه ک خه ڵکی ناسه ربازی که که وتبووه نێو شه ڕێکی داسه پاو و زۆره کی و ناوه دڵ ، له 4 ، 5 کیلۆمه تری به ره ی پێشه وه ی شه ڕدا له نێو سه نگه ر ومه ته رێزی به ردیندا که ته نیا په ناگه یان بوو، مانه وه و شاریان چۆڵ نه کرد و نه چوونه ژێر باری ئاواره یی و ماڵ وه کۆڵی .
مناڵانی نۆتشه یی له گه رمه ی شه ڕ دا ، ده چوونه قوتابخانه که یان هه تا فێری وانه ی به رزی ئه ندازه ی ژیان بن و له تاقیکاری بیرکاری ژیانا، سه ربه رز ده ر چن .
قه ت ئه و ده مه م له بیر ناچێ ، ئه و ڕۆژه ی به هه ڕاکردن ، به نێو ئاوری گولله تۆپ و قومپاره و ته قینه وه ی سامناک دا ،خۆم گه یانده سه ر ئیمتیحان و تاقیکاری وانه ی بیرکاری هه تانمره ی 7 لێ وه رگرم .
تووخوا به که م به هره م تاوانبار مه که ن ، چونکه وه رگرتنی نمره ی 7 له که شێکی مه رگاوی وادا که ته رمی له له خاک وخوێن گه وزاوی 3 که سانم هه ر نیو کاتژمێر به ر له تاقیکاری به چاوی خۆ دی ، به ڕاستی کارێکی حه نه ر و کارستانه .
ئه‌گه رچی ئێستێ ئه م پرسیاره ئه مورووژێنێ ، له به رچی له وا که شێک دا چووم بۆ سه ر ئیمتیحانێک که ئه وه ند به قه ولی هه ندێکان ، وانه ی شیرینی بیرکاری ، نه فره تم لێی بوو.
به لێ برا ، خه ڵکی نۆتشه وێڕای تۆپ و قومپاره که به شی هه موو ڕۆژێکیان بوو ، 3 جاران بۆردمانی هێشوویی و 2 جاران کیمیابارانی به چاوی خۆ دی . هه ر ماڵ و خانووبه ره بوو به سه ریانا ، دائه ته پی . برینداریان ده دا ، شه هید ده بوون وزۆر که سیش گازی خه رده ل ، هه ناسه ی لێ ده بڕین و به ده م ژاره وه تیا چوون به ڵام هێشتا زۆرن ئه وانه ی سیپه لاکیان تژی دووکه ڵاوه که ی خه رده له و دڵیان هێشتا هه ر دڵه ڕاوکێ و خۆفی شه ڕی ، لێ باره .

ئه مه هونه ری خۆراگری ئه و خه ڵکه بوو که قه ت که س پێی نه زانی ، لێ به لێ ئه ی هه ڵه و سووچ و خه تا و گوناحه که یان له چی دا بوو ؟
خه تاکه یان ئه مه بوو 30 ، 40 کیلۆمه تر له و سه روازانه ی که له شاره کانی جۆربه جۆری ئێرانه وه وه ک " به سیجی"یان سه رواز ده هاتنه ئه وێنده رێ ، له به ره ی پێشه وه ی شه ڕ ، نێزیک تر بوون ، به ڵام قه ت که س فایل و په روه نده ی بۆ چێ نه کردن هه تا خۆراگرییه که یان له لاپه ڕه ی دیرۆک دا تۆمار بکرێ .
ئێسته گه لێ ساڵان به سه ر شه ڕدا تێپه ڕیوه و خه ڵکی " نۆتشه "هه روا چه مه ڕای که سێ یان ده زگاییکی به رپرسن زیانبایی ئه و هه موو زه ره ر و زیان و ماڵ کاولییه یان پێ بدات .
ئێدی له وه گه ڕێ ئایا که س هه یه وه رامده ره وه ی زه بری ڕۆحی و ده روونی ئه وان له به ر شه ڕ بێت؟! ئه و مه سه له ی هێشتا بۆ خۆشمان ، گوێی ناده ینێ .
له بیرمه ڕۆژی 18 گه لاوێژی ساڵی 1363 هه تاوی(1985 زایینی) که له چاره که کاتژمێرێک دا زێتر له 100 مووشه کی " کاتیۆشا" به سه ر شاری نۆتشه دا هاتنه خوار که یه ک له و گولله کاتیۆشایانه ش له خانووه که ی مه که وت .
قه ت له بیرم ناچێ هاوار و زریکه و قیژه ی ئه و ژن و پیاوانه ی له نێو ئاور و خاک و خوێندا ، به ڕۆژێکی هاوینی ، گیرۆده ببوون وده یانناڵاند . به ڵام هه ژێنه رتر و تاڵتر له و ڕووداوه ی ئه وئێواره ، به سه رهاته که ی زیانبایی دانی ئه و مووشه که بووکه هه ر ماڵه و 1300 تمه نی به ر که وت که باوکم ئه وه شی وه رنه گرت هه تا ئه م سه ربرده تاڵه هه ر وا نه خشی سه ر دڵان بێت . ئێسته ئه م ڕه وته هه ر وا درێژه ی هه یه و هێشتا قورووشێ له جیاتی ئه و هه موو ماڵوێرانییه به که س نه دراوه.
به م ڕۆژانه کاتێ دڵ له به ر ئه و هه موو که مته رخه می و گوێ پێنه دانه و له نێو هه را و هوریای شاری دووکه ڵ و ئاسن دا(تاران ) ، غوربه ت دایئه گرێ ، ئه گه ڕێته وه " نۆتشه " وده گه ڵ ئه و تاوێره به رده ی ئه دوێ که به ڕۆژێکی زستانێکی تووش و سه خڵه ت ، گیانمی له هه زاران په لاشه قومپاره که 5 مه ترێ ئه ولاتر دای به عه رزدا، ڕزگار کرد و بوو به په ناگه م .
ئێسته ش شنه ی کێوانی سه ربه رزی ده ڤه ره که من له دۆڵانه وه سه ر به ره و خوار به نێو داربه ڕووان‌دا دائه گه ڕێ وفێنکایی یه ک به گیان ئه به خشێ که چی هێشتا ته می شه ڕ به سه ر گاشه به رده کانی " شاهۆ" ، " ده روه ن" ، " دالانی " ،
" قوله شه مشی" ، " که مه ره سیا" ، " هه رات " و دار و به رد و گڵی خانووه به ردینه کانی نۆتشه وه به یادگار ماوه ته وه .

ئه مه هاواریٚ له دڵه ی  ئه و خه ڵکه ی بوو که له نیٚو شه ڕ دا ژیانیان به سه ر برد که چی قه ت وه ک شه ڕ لیٚدراو که س سه یری نه کردن و گویٚی نه دانیٚ .

-----------------------------------------------------------------------------------

ژیٚده ر : ڕۆژنامه ی شه رق،چاپی تاران

Renascaf@yahoo.com